هەنگاوەکی نوێی حکومی بۆ داشتنەوەی پیشەسازی دەرمان لە عێراق

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، فەرمانیکرد پارە بۆ هاوبەشی لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت لە پیشەسازی دەرمان بدرێت

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتابیع کەوتووە بڵاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی بەرنامەی خەجێیکردنی پیشەسازی دەرمانسازی، و تێیدا وەزیری تەندروستی و هاوڵکارە پەیوەندیدارەکان و ژمارەیەک لە بەرهەمهێنەرانی دەرمان لە کەرتی تایبەت و نوێنەری کۆمپانیای بەرهەمهێنەرانی دەرمان ئامادەبوون.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا پێداچوونەوە بۆ پشکۆتنەکانی بەرهەمهێنانی دەرمانی نیشتمانی کرا، بڕیاردرا فراوانکردنی بەرهەمهێنانی دەرمانی چارەسەری شێرپەنجە، هەروەها باس لە پڕۆپەدانی هاوبەشی سەرکەوتوو لە نێوان هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی لەم بوارەدا کرا، هەروەها باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی چەند پڕۆژەیەکی دەرمانسازی و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان کرا.

سودانی گوێی لێ پێشکێشکردنی گشتگیر گرت سەبارەت بە هێنگاوەکانی پەرەپێدان، و گفتوگۆیان لە ستاندارد سەرتاییەکان کرد کە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە پەسندکراون، و پرسی تەمارکردن و باوەپێکردنی دەرمانی سەرتایی و کتایی، و ئەو شوازانەی کە پێیەوکراون بە بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی ئەدای کار و تایبەتمەندی بە ئەو دەرمانانەی کە لە ناوخۆ بەرهەم هێنراون، بەشێوەیەک لەگەڵ ستاندارد عێراقی و نێودەوڵەتییەکان لەمبارەیەوە بگونجێت.

سەرکی ئینجومەنی وەزیران کەمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ڕاسپارد بە پاراستنی پێیوەندی بەردەوام لەگەڵ دەزگاکانی کەرتی حکومی بە گرینگیشتن بە چارەسەری کردنی بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و جێبەجێکردنی گرێبەستەکان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بە باشترین شێوە و دانانی چارەسەری کردنی بە چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان، هەروەها باسی لە هەموارکردنەوە و هاوئاهەنگی ئەو یاسا و بڕیارانە کرد کە پاڵپشتی پیشەسازی دەرمان لە عێراق دەکەن.

لە بەشکی تری کۆبوونەوەکەدا باس لە بەرزکردنەوەی خشتەی بەرهەمهێنان و پرسی کێبڕکێ لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی یەک دەرمان کرا، و پێشخستنی پیشەسازی دەرمانی نیشتمانی و نرخی دەرمان و بگرەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستەکان، جگە لە پرسی پشتیوانی و پاراستنی بەرهەمە دەرمانییەکان و دەستبەرکردنی بەرهەمهێنانی کارگە عێراقییەکان.